# مەولەوی
# و
# تەقینەوەی زمان

حەکیم مەلا ساڵح

MAWLAWI.KRD

کتێبخانەی
محەمەد عەلی قەرەداغی
مێژوو:

# مەولەوی
# و
# تەقینەوەی زمان

حەکیم مەلا ساڵح

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

•

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

•••

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

MAWLAWI.KRD

# مەولەوی

و

# تەقینەوەی زمان

حەکیم مەلا سالح

MAWLAWI.KRD

ناوی کتێب: مەولەوی و تەقینەوەی زمان
نووسینی: حەکیم مەلا ساڵح
بڵاوکراوەی ئاراس - ژمارە: ٧٥٢
پیت لێدان: فەهمی ئەکرەم + زانا عەبدولهادی
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٥٠٥ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# سەرەتایەك

لە ناو شاعیرانی کۆنماندا مەولەوی گەورەترین پشکی لەسەر نووسینی بەر دەکەوێت کە بەشێوەی کتێب و نامیلکە و وتار بابەتی لەسەر نووسرابێت، ئەمە جگە لەوەی کە تا ئێستە سێ میهرەجانی بۆ ساز کراوە و هەرسێ میهرەجانەکەش پڕبوون لە بابەت و باس و خواسی بەکەڵك. لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا دەبینین ئەم شاعیرە دەوڵەمەندە پڕ لە بەهرەیە هەر بەبەرییەوە ماوە خوێنەری خۆی بچێتە ناو قووڵایی و هونەری شیعرەکانییەوە، واتە خوێندنەوەی بەردەوام هەڵدەگرێت و هەروا بەئاسانی خوێنەر دەستبەرداری خۆی ناکات، بەڵکو لەگەڵ هەموو خوێندنەوەیەکیدا دەیبات و دەیبات و هەر جارەی شتێکی دەداتە دەست. هەر جارەی لەسەر هونەرێك قەتیسی دەکات و پێی دەڵێ: بمخوێنەوە و ڕاڤەم بکە، پێی دەڵێ: پێویستە لەسەرت لە پێشانگەی شیعرەکانمدا لەسەر هەموو تابلۆیەك ڕاوەستیت و وردە وردە سەرنج لە هونەرم بدەیت.

مەولەوی لەو شاعیرە دانسقانەی مێژووی ئەدەبەکەمانە کە جیهانبینی هەبووە، جیهانبینییەکەشی فەلسەفەی عیرفانی ڕۆژهەڵاتە و زۆر چاك توانیویەتی لەسەری ڕاوەستێ و بیبێژی و بیوێژێ. هەرچەندە لە ڕێبازی تەصەوفدا مەولەوی بەپلەی عاریف نەگەشتووە، بەڵام ئەوەندە بەڕاستی و

دڵسۆزی و زاناییەوە لە بۆتەی عیشقی شێخەکەیدا زێڕی خۆی داوە لە مەحەك شیعرەکانی نەك هیچی لە شیعری شاعیرە عاریفەکان کەمتر نییە، بەڵکو دەبینین لە دوو لایەنی (گەمەی زمانەوانی) و (قافیە شکاندن)ەوە تەجاوزیشی تێدایە، چونکە لە شیعری کۆنی کوردیدا و هەروەها بەو هەندە شارەزاییەم لە شیعری کلاسیکی عەرەبی و فارسیدا ئەم دوو هونەرەم لای هیچ شاعیرێ نەدیوە لە داهێنانی مەولەوی خۆیەتی. کەواتە ئەم شاعیرەمان نەك هەر ئەوە بێ لە تەکنیکی شیعردا بالادەست و بەرزەفڕ بێت، بەڵکو لە فۆرمیشدا کاری کردووە و بە ئاسانیش دەتوانین کارەکەی ناو بنێین داهێنان و تەجاوز.

لەگەڵ ئەو هەموو باس و وتار و لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر مەولەوی کراوە و بەم چەند گوتارۆکەی منیشەوە هێشتا دەبێ خوێنەر دڵنیا بێت کە شاعیر لە هەگبەکەیدا شتی تری هەیە کە خوێندنەوەی دی هەڵبگرێت، بەتایبەتی شتێکی هەر زۆر گرنگ و پڕ بایەخ کە پێویستە بەنەفسێکی درێژەوە بخوێنرێتەوە و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەویش خوێندنەوەی مەولەوییە وەك صۆفییەك، واتە لێکدانەوەی ئەو دەیان وشە و زاراوانەی کە صۆفییانە دەستی بۆ بردوون و دایڕشتوون، یا ئەو بۆچوونە صۆفییانەی کە لەسەر هەموو شتەکان هەیەتی، مەبەستم ئەوەیە لەو دیدگا صۆفییانەوە بخوێنرێتەوە کە شیعرەکانی هەڵی دەگرن، هەروەك خوێندنەوەکەی کاك (عەبدوڵلا قەرەداغی) بۆ (مەحوی) شاعیر و صۆفی.

لێرەدا خوا نەخواستە مەبەستم لە کەمکردنەوەی بایەخ و بەهای لێدوانەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم نییە، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە بەدیدی صۆفییانەوە توێژینەوەیەکی بەرفراوانی لەسەر بکرێت، هەر لە لێکدانەوەی وشە و زاراوەکانییەوە تا وەرگرتنی سۆزێت و ئیلهام لە شاعیرە عاریف و متەصەوفەکان و تا پەیوەندییە ڕۆحییەکەی بەشێخانی

نـەقشبـەنـدیـیـەوە و تـا بـەهـونـەرکـردنـی وشە و زاراوەی صۆفـیـیـانـە و ئـاراستـەکـردنـیـان. ئـەمـە بـاسێـکـی گـەورە و تـۆکـمـەیـە لـە بـەرهـەمـەکـانـی مـەولـەویـدا کـە پشووی درێژ و سەرچـاوەی تـایـبـەتـی دەوێت بـۆ گـەشتنـە مەبەست، لەم ڕووەوە دەمێکە گەلاڵەی ئەم پرۆژەیەم کردووە و خوا یار بێت لە ئایندەدا وەك بەرهەمێك دەیخەمە بەر دیدی خوێنەران.

٢٠٠٢/٤/١٢

هەولێر

MAWLAWI.KRD

## تەوارودی خەواتر
## لە نێوان مەلای جزیری و مەولەویدا

ئـەم دوو شاعـیـرە گـەورەیـە مـەودای تـەمـەنـیـان زۆر لـێکـەوە دوورە، کوردبوونی هەردووکیشیان لێکیان نزیك ناکاتەوە چونکە مەولەوی لە زاراوەکـەی جـزیـریـیـەوە دوورە و دەتـوانین بـڵـێین سەری لـە یـەك وشەی دەرنەکردووە و هەر نەیدیوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تەنیا شتێك لێکیان نزیك دەکاتەوە سۆفیەتییە. هەردووکیان لە دوو قۆناغی جیاوازدا دوو مـەیزەدەی مـەیخـانـەی عیشقی حـەقیقین و فـەلسەفـەی (وحدة الـوجود) هەندێ شێوازی دەربڕینی پێکەوە گرێ داون. شێوازەی دیکەشیان کە زۆر لەیەکەوە دوورن هی ئەوەیە کە مەلای جزیری لە تەسەوفدا (موراد)ە و مەولەوی (موریدە). واتە جزیری هیچ پردێکی هەڵنەبەستووە بۆ گەیشتن بـەحـەق (خـودا)، بـەڵـکو ڕاستـەوخۆ لـەگـەڵ خـودادا قسان دەکـات، بـەڵام مـەولـەوی (شێخ سراج الـدینی نـەقشبـەندی) کردۆتـە پرد، دوای ئـەمیش (شێخ بهاءالدین)ی کوڕی و تەنانەت دوای مەرگی ئەمیش بۆنی عیشقی ئەداتە کوڕەکەی کە (شێخ حسام الدین)ە کە مەولەوی بەتەمەن (٥٧) ساڵ لێی گەورەترە. واتە نەیتوانیوە بێ پرد بپەڕێتەوە و نەیتوانیوە لە تەسەوفدا سەربـەخۆیی بـەدەست بێنێ. مـەولـەوی بـەشێوەیـەك خۆی تـەسلیمی ئـەو

شێخانە کردووە هیچ دەستەڵاتێکی بەخۆیەوە نەهێشتووە. تەنانەت لە نامەیەکیدا کە بۆ شێخ حیسامەدینی (٥٧) ساڵ لە خۆی گچکەتری بەم شێوە نووسیوە:

یا علي الاعلی ویا ابا الحسن! عرض میشود کە بندەء پیر را طاق رواق فراموشی کزاشتند، ودرمصیبت امسال و پارسال بخانەء خاموش گما شتند، اگر چەلایق آنم، چونکە نافرمانم، همیشە درین ضیقت بمانم، لکن رحمیت و حمیت علی امری است آشکاروجلی. همان رحمیت راچەشد و آن حمیت شهرزادەء ازادگیت

کجارفت؟ امتثال امر:

ناد علیاً مظهر العجائب

تجده عوناً لك في النوائب

رایجا آوردم ... هتد.

واتە: ئەی عەلی هەرە بەرز و ئەی باوکی حەسەن (بەچاوی حەزرەتی عەلی سەیری دەکات – حەکیم) عەرزت دەکەم کە بەندەی پیرت لە تاقی هەیوانی فەرامۆشیدا داناو لە ناڕەحەتیی ئەمساڵ و پاردا لە خانوویەکی کپدا جێگیرت کرد، ئەگەرچی شایانی ئەوەم، چونکە فەرمانم بەجێ نەهێناوە، دەبا هەمیشە لەم تەنگەڵانەدا بمێنمەوە، بەڵام سۆز و مرووەتی عەلی ڕاستییەکە ڕوون و ئاشکرا، ئەو سۆزەت چی لێ هات و ئەو مرووەتی شازادەیی جوامێرییەت بۆ کوێ چوو؟

بۆ نموونە:

بانگ کە عەلی کە بینۆگەی هەموو شتە سەیرەکانە

لە ڕووداوەکاندا کۆمەکت دەکات

## مەولەوی و تەقینەوەی زمان

لە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا هێندە واتای بەرز و وێنەی جوان و خەیاڵی ناسکت دێتە دەست و بەجۆرێکی وەها سەرسامت دەکات و سیحری وەهات لێ دەکات کە نەچێت بەلای ئەوەدا ئەم شاعیرە لە ڕووی فۆرم و گەمەی زمانەوانییەوە چی کردووە . بۆیە تا ئێستە بەو هەموو لێکۆڵینەوە و ئەو سێ میهرەجانەش کە لەسەری ساز کراوە هیچ یەکێ لە وتارەکان بەلای ئەم باسەدا نەهاتوون. ئەگەرچی هەندێ جار لە دیوانەکەیدا و هەندێ جاریش لەملاو لا باسی بەشەکانی (بەلاغە) لە شیعرەکانیدا کراوە. بەڵام ئەم باسەی ئێمە ئەوە نییە و مەگەر بۆ بەراورد لەگەڵ شاعیرانی تردا ئاوڕ لە یەك دوو بابەتی بەلاغی بدەینەوە. ئەویش بەمەبەستی ئەوەی کە دەربکەوێت مەولەوی جوانتر و شیاوتر لە شیعرەکانیدا تەوزیفی کردوون.

یەکێك لە گەمە زمانەوانییەکانی مەولەوی گۆڕینی سیمای وشەیە بۆ بەدەستەوەدانی واتایەکی پێویست ئەویش بەبێ ئەوەی کە لە وشە ئەسڵییەکە دوورکەوتبێتەوە. وەك دەڵێ:

لوقمەکەی ماساو قووڵی دەریای مەیل

لوختی سای کۆڵەی سارای دەردی لەیل

## مەولەوی و ئاوڕدانەوە لە کەلەپوور

۱

زۆر لە شاعیرە گەورەکان چ کۆن، چ نوێ لە بواری ئەزموونی شیعری خۆیاندا هەوڵیان داوە کە بەشێوەیەکی هونەریی ئاوڕ لە کەلەپووری گەلەکەیان یا تەنانەت کەلەپوور و میتۆلۆژیای گەلانی دیش بدەنەوە. کە بەمەش توانیویانە خوێنەری خۆیان بەلای ئەوەدا بەرن کە لە ڕوانگەیەکی دییەوە شیعرەکانیان بخوێننەوە.، واتە خوێندنەوەیەکی دیش هەڵدەگرن، ئەمە جگە لەوەش کە نیشانەی ئەوەشی پێوەیە توانیویانە نەمامی هونەرێکی دی لە کەناری سەراوی شیعرییاندا بڕوێنن. چونکە ئاوڕدانەوە لە کەلەپوور و میتۆلۆژیا و داڕشتنەوەیان بەهەناسەی شیعری و دەرهێنانیان لە قاڵبی وشك و برینگی خۆیان و جێگیرکردنیان لە ناو زمان و خەیاڵی شیعردا هونەرێکی گەورەیە.

مەولەوی لە پاڵ هەموو سەلیقە و هونەرە شیعرییەکانی تریدا بەشێوەیەکی جوان و شیاو ئاوڕی لەم مەسەلەیە داوەتەوە، کە دەتوانین بڵێین هەر شتێکی کە لەم بارەوە دەستی بۆ بردبێت زۆر شاعیرانە مامەڵەی لە تەکدا کردوون و کاڵای هونەریی بەباڵا بڕیون. واتە وەهای لێ کردوون

بۆن و بەرامەی شیعری پێ داون و کردوونی بەشیعر- شیعراندوونی-.

لێرەوە با بچینە سەر کۆمەڵێ نموونە:

١- هەناری پیشاو:

لە کوردەواریدا باو بووە کەسێ دووچاری هەلامەت بووبێ، هەناری لەناو ئاگردا پیشاندووە و پاشان کونێکی تێ کردووە، بەو کونەوە و هالاوی هەنارە پیشاوەکەی هەڵمژیوە و پێی چاك بۆتەوە.

مەولەوی خۆشەویستێکی تووشی ئەم نەخۆشییە دەبێت، بەپێی ئەو وەسپەی لە شیعرەکەدا کردوویەتی دەردەکەوێت کە دۆستەکەی ئافرەت بووبێ. دوور نییە (لەیلا)ی خوشکی ئەحمەد پریسیش نەبووبێت کە لە شیعری تریدا دیارە ماوەیەك حەزی لێ کردووە و نیازی هەبووە بیخوازێ. شیعرەکە بەم شێوەیە:

شنەفتم دووربا لەیل زوکامشەن
دیشواری بالای نەو نەمامشەن
هەنارەکەی دڵ پڕ جەدانەی ئێش
پیشیای کوورەی ناری عەشقی وێش
بەمەودای موژگان سۆراخش کەرۆ
وەگەرمیی نیشان دەماخش دەرۆ. ل٣٢٢

واتە: دوور بێ لێی بیستوومە (لەیل) هەلامەتیەتی و بەوەش بالا نەونەمامەکەی دووچاری نارەحەتیی بووە. جا بۆ ئەوەی چاك بێتەوە، هەنارەکەی دڵم کە پڕە لە دەنکی ئێش و ئازار، لە ناو کوورەی ئاگری ئەڤینی خۆیدا بیپشێنێ و پاشان بەنووکی برژانگی خۆی کونی بکات و هالاوەکەی بەلووت هەڵمژێ چاك دەبێتەوە.

MAWLAWI.KRD

## مەولەوی و پیاچوونەوەیەکی وتارەکەی محەمەدی مەلاکەریم

ساڵی پار لە شاری سلێمانی میهرەجانێك بۆ شاعیری گەورە مەولەوی تاوگۆزی ساز کرا. پاشان وتارەکان کۆ کراونەتەوە و لە کتێبێکی (٣٢٦) لاپەڕەییدا چاپ کراون. هەندێ لە وتارەکان سەرنج و ڕەخنە هەڵدەگرن و لە هەموویان زیاتر بەداخەوە وتارەکەی بەڕێز کاك محەمەدی مەلا کەریمە بەناوی (مەولەوی – ژیان و بەرهەمی) محەمەد لەبەرئەوەی کە بنووسێکی گەورەیە و لە جوگرافیای ئەدەبی کوردیدا مەڵبەندێکی تاپۆ کردووە، حیسابی تایبەتی بۆ قسە و بڕیاری دەکەین، هەڵەی لە دەست دەرچووی ئەو زیاتر جێگەی سەرنجدان و قسە لەسەر کردنە. بەتایبەتی لەم وتارەیدا، ئەمەش لەبەرئەوەی کە تەمەنێکە لەگەڵ شیعرەکانی مەولەویدا دەژی و هەروەها وتارەکەشی هەر وەکو خۆی دیاری کردووە لە گۆڤاری (ئیسلامی کوردان) کراوەتە ئینگلیزی و بڵاو کراوەتەوە و دەقە کوردییەکەشی لە گۆڤاری (ئەنتۆلۆگیا) کە لە سوید دەردەچێ چاپ بووە. ئەمە زیاتر هانی دام کە سەرنجەکانمی لەسەر دیاری بکەم و هیوادارم کاکە حەمە بەقسەی بەرز و نزم لێم وەرنەگرێت. چونکە لە ڕاستیدا منیش دە ساڵێك زیاترە بەمەولەوییەوە خەریکم و بەرهەمیشم هەم وەك کتێب و

هەم وەك وتار لەسەر چاپ كردووە و هی تریشم بەدەستەوەیە و یەكێكیشم لەو كەسانەی كە زۆر بەدڵگەرمییەوە كار بۆ ئەوە دەكەم كە مەولەوییەكی ساق و پاق بخەینە كتێبخانەی كوردییەوە.

وتارەكەی كاك محەمەد هەتا بڵێی چڕوپڕە و پەراوێزبەندیی چاكیشی كردووە، بەڵام بەداخەوە چەند شەبەقێكی تێدایە كە پێویستە ڕاست بكرێتەوە و ئەگەر ئەم ڕاستكردنەوانەی لەگەڵدا بێت ئەوا باشترین ژياننامەی مەولەوییە و تاسەی خوێنەر و هەوادارانی ئەم شاعیرە كەڵە دەشكێنن.

سەرنجەكان.

١- كاك محەمەد نووسیویە (عەقیدە مەرزیە - العقیدة المرضیة - ئەم كتێبە بەزمانی كوردی و دیالێكتی كرمانجی خواروو، شێوەی تایبەتی ئاخاوتنی خەڵكی ناوچەی تاوەگۆزییە). ئەمە جگە لەوەی (تاوگۆزی) ڕاستە تا (تاوەگۆزی) چونكە وشەكە پێكهاتووە لە ناوی دوو درەختی (تاوگ+گوێز) و هەموو جاف و خەڵكی ناوچەكە هەر بەشێوەی (تاوگۆزی) بەكاری دێنن. ئەوەش ڕاست نییە كە نووسراوە (شێوەی تایبەتی ئاخاوتنی) چونكە تاوگۆزییەكان عەشیرەتێكن لە هۆزی گەورەی جاف و بەشێوەی جافی دەدوێن، نەك شێوە ئاخاوتنی تایبەت بەخۆیان هەبێت، بۆیە ڕاست وابوو بنووسرایە (شێوەی ئاخاوتنی تایبەتی جاف).

٢- نووسیویەتی: (لەمەوە بەدووری نازانم سەرەتای ناسیاوی پەیداكردنی مەولەوی لەگەڵ عەنبەر خاتوون بۆ ئەو ڕۆژانی بگەڕێتەوە كە دوا قۆناغی فەقێیەتی لە سلێمانی بەسەر بردووە و لەگەڵ ئەحمەد پاشای دوا میری بابان پێوەندی دۆستایەتییەكی پتەویان لە نێوان

بووه و لەگەڵ کوڕە یەکە یەکەکانی ئەو ئەوغانییانەی لە دەرباری بابانییەکان بوون ئاسیاویی پەیدا کردبێ و لەم ڕێگەیەوە عەنبەر خاتوونیشی ئاسیبێ).

ئەوەی ئیمە وەکو خەڵکی ناوچەکە بیزانین و لە گۆشەیەکی مێژووشدا بۆمان دەرکەوتبێ، تیرەیەك لە ئەفغانییەکان یا وەکو خەڵکی نەورۆڵی پێیان دەڵێن (ئەوغانی) و کاکە حەمەش هەر وای نووسیوە، لە ئەنجامی شەڕێکدا بووە کە سەرۆك تیرەکەیان بەناوی (ئازاد خان) دەکوژرێ ئیتر تێك دەشکێن و سەری خۆیان هەڵدەگرن تا دوا هەواریان لە گوندی (چرۆسانە)ی نەورۆڵی دەگیرسێتەوە و جێوار دەبن. ئیتر لە ناو کورددا دەتوێنەوە و دەبنە نەورۆڵی، سەرپەرشتکاریان (ئەکرەم بەگی ئەفغانی) دەبێت کە دەبێتە یەکێك لە دوازدە سوارەی مەریوان. هەرچی مەولەویشە دوای ئەوەی کە خوێندن تەواو دەکات یەکەمین مەلایەتی لە گوندی (چرۆسانە)ی ناوبراو دەبێت و لەم سەروبەندەدا ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو بنەماڵەیەدا پەیدا دەکات و عەنبەر خاتوون دەخوازێ. پیرانی ناوچەکە دەیانگێڕایەوە کە ئەوان مەولەویان ناو ناوە (مەولەی) بەواتای مەلا، چونکە تا ئێستەش ئەفغانییەکان لە بری (مەلا) وشەی (مەولەوی) بەکار دێنن. هەرچەندە لەم بارەیەوە ڕایەکی تر هەیە کە دەڵێن: گوایە غوڵام شا خانی ئەردەلان کۆڕێك لە زانایانی شاری سنە پێك دێنێ و لەو کۆڕەدا بەهۆی پلەی بەرزی شاعیرێتی مەولەوییەوە بەرامبەر بە(مەولەوی فارس) واتا (مەولانا جەلالەدینی رومی) نازناوی (مەولەوی) بەم شاعیرەی خۆمان دەبەخشێ.

٣- نووسیویە: (کارەساتێکی ناخۆشی تریش لە ژیانی مەولەویدا سووتانی کتێبخانەکەیەتی کە لە ئەنجامی شەڕێکی ئیمامی و

تاوگۆزیدا پریشکی ئاگری شەڕ کەپرەکەی مەولەویشی گرتۆتەوە و ئاگر بەر بۆتە کتێبخانەکەی).

لەم بارەوە ئەوی ڕاستی بێت ئەوەیە کە ئەم شەڕەی کاك محەمەد باسی دەکات بیست ساڵێك دوای مەرگی مەولەوی ڕووی داوە. ئەوە تاکو پەنجاکانیش خەڵك مابوو کە مێژووی ئەم شەڕەیان گێڕاوەتەوە و ئێستەش تاوگۆزی و ئیمامیش لێیان ماوە کە قسەی پێش خۆیان دەگێڕنەوە و دەڵێن: شەڕەکە لە نێوان عەبدوڵڵای کوڕی مەولەوی و حەمەمینی حەمە خان بەگی ئیمامیدا بووە، ئەو هەرایەی کە کتێبخانەکەی مەولەوی تێدا سووتاوە هێرش و پەلاماری سوپای عوسمانییەکان بووە بۆ سەر ناوچەی جافنشین بەمەبەستی چەککردن و دەمەلاخاسکردنی محەمەد پاشای جاف و هێزەکەی – مەولەوی کە یەکێك لە دۆستە هەرە نزیکەکانی محەمەد پاشا و ئەو دەمەش ماڵی لە (چرۆسانە) بووە. کە شەڕەکە ڕوو دەدات و جافەکان لەبەر سوپای بێ شوماری عوسمانییەکاندا ناتوانن خۆیان بگرن ناچار هەڵدێن بەرەو ئەوبەری سیروان، مەولەویش ڕادەکات و لە گوندی (وڵوەر)ی ناوچەی شەمێران دەگیرسێتەوە. (عومەر پاشای سەردار) سەرلەشکری عوسمانییەکان دەبێت و بێ بەزەییانە دەکەوێتە گرتن و کوشتنی دۆستانی محەمەد پاشای جاف و سووتاندنی ئەو گوندانەی کە قەڵەمڕەوی محەمەد پاشا بوون. گوندی (چرۆسانە)ش لەو گوندانە بووە کە گەورەترین زیان تێیدا ڕووی داوە، ئەویش سووتانی کتێبخانەکەی مەولەوی بووە.

مەحموود بەگی ئامۆزای مەحموود پاشای جاف کە یەکێك بووە لە دۆستانی مەولەوی بەحەسرەتەوە باسی ئەو ڕووداوە دەکات و لە پارچە شیعرێکی (٣٠) بەیتیدا کە بەفارسی بۆ مەولەوی نووسیوە تا ڕادەیەك

بەوردی باسی ئەو ڕووداوە دەکات. شیعرەکە مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس لە لاپەڕەکانی (٣٨١-٣٨٤) بەرگی دووەمی یادی مەرداندا بڵاوی کردۆتەوە.

مەولەویش داخی سووتانی کتێبخانەکەی خۆی لە شیعری (خامەی سەراوێز)دا دەربڕیوە - بڕوانە دیوانی مەولەوی ل١٩٢. کە لە بەیازێکی لای ئێمەدا ڕوون بۆتەوە کە ئەو شیعرەی ناردووە بۆ (مەلا لوطف اللەی سنەیی) نازناو بە(صەرعی)، ئەمیش بەشیعرێ وەڵامی داوەتەوە کە لە (٢٩) بەیت پێکهاتووە و سەرەتاکەی بەم شێوە دەست پێ دەکات:

دڵم جەئۆف ئۆف زامەتان ئێشان

دەردم دەردێوەن دەواش ناپەیدان

ئەمەش دوا بەیتیەتی:

تەن دەر وەقەزا هیچ مەبەر دڵگیر

الحکم لله هەرچی بۆ تەقدیر

شایانی باسە لە هەردوو شیعرەکەی مەولەوی و صەرعیدا باسی تاوان و ستەمی ئەو لەشکرکێشییەی عوسمانییەکان نەکراوە و نازانم بۆچی ئاماژەیان پێ نەکردووە؟ بەڵام لە شیعرە فارسییەکەی مەحموود بەگدا ئەم چەند بەیتەی تێدایە کە دەڵێ:

ز آشوب زمان و چرخ غدار

ز شومی (عمر پاشای سردار)

یزید ثانی ان سردار افخم

ولایت شد ز بیرادش پرا زغم

ا ز لەرا نموده اهل عزت

که مولای من از او کرده هجرت

(چروستانه) بزد آتش به یك بار

کزیده جای خود دامان کهسار

واتە: لەبەر ئاژاوەی زەمانە و چەرخی غەدار و لەبەر شوومیی عومەر پاشای سەردار، ئەو یەزیدی دووەمەی پایە بەرزە کە لەبەر بێ دادییەکەی خەم هەموو وڵاتی داگرت. هەموو ئەهلی عیزەتی زەلیل کرد و مەولای منیش (واتە مەولەوی) لە دەستی هەڵهات. گوندی (چرۆسانە)ی بەجارێکدا سووتاند و ئەویش داوێنی چیاکانی هەڵبژارد بۆ جێگای خۆی.

٤- کاك محەمەد لە دوا دێری وتارەکەیدا ساڵی مەرگی مەولەوی بە(١٨٨٢ یا ١٨٨٣) داناوە. بەڵام ساڵی (١٨٨٥ یا ١٨٨٦) راستە. چونکە مەولەوی لە ساڵی ١٣٠٠ی هیجرەتدا کۆچی دوایی کردووە، کە ئەمەش بەپێی ساڵی زاینی ناگاتە مێژووەکەی کاك محەمەد. ئەم مێژووی (١٣٠٠)ە هەردوو خوالێخۆشبوو (سەید طاهری هاشمی) و (دکتۆر محەمەد صدیقی موفتی زادە) و هەروەها مامۆستا مەلا عەبدولکەریمیش سەلماندوویانە. لە هەموویان باوەڕپێکراوتر لاواندنەوە فارسییەکەی مەلا حامیدی کاتبی شێخ سیراجەددینە کە بەحیسابی ئەبجەد وشەی (غش)ی بۆ مەرگی مەولەوی داناوە کە دەکاتە (١٣٠٠).

دەڵێ:

بهر تاریخ وفاتش انقدر کردیم فکر

کاسمان (غش) کرد بر مرگ جناب مولوی.

واتە: بۆ مێژووی وەفاتی ئەوەندە بیرمان کردەوە، کە ئاسمان بۆ مەرگی جەنابی مەولەوی بێ هۆش کەوت.

## پاشکۆ

١

بەڕێز جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لە سەرەتای دیوانی مەولەویدا وەك نوکتەی خۆش هەندێ لایەنی ژیانی مەولەوی روون کردۆتەوە. ئێمەیش ئەم سێ دانەیەمان لە دۆستان کاك سەید موحسینی نەوەی شاعیر و کاك مەلا عەلی زمناکۆیی وەرگرت و جێگەی خۆیەتی بڵاویان بکەینەوە.

مەولەوی تەمەنی بەرەو پیری دەچێت و دوای مەرگی عەنبەر خاتوون خزمەکانی داوای لێ دەکەن کە ژن بهێنێ، ئەویش دەڵێ، تازە من پیر بووم و باوەڕ ناکەم کەس پێم ڕازی ببێت. ئەوانیش هەر لەگەڵیا خەریك دەبن و پێی دەڵێن بێوەژنێك هەیە بەناوی (ئایشێ) ئەوەمان دەستنیشان کردووە و دەچینە خوازبێنی. کە دەڕۆن باسەکەی لەگەڵ دەکەن ئەویش بێ ڕێزانە دەست دەنێ بەڕوویانەوە و دەڵێ: گا پیری وا چییە من شووی پێ بکەم. ئەمانیش بەدڵشکاوی دەگەڕێنەوە و بەمەولەوی دەڵێن قسەیەکی وەها ناشیرینی کردووە. مەولەویش دەڵێ:

بڕۆن بێژن وە ئایشێ دڵی نەیەشێ
وەردی دوو گاسنە گای پیر ئەیکێشێ

(وەدی دوو گاسنە) مەبەست لەوەیە کە ژنەکە دووجار بێوەژن کەوتووە.

***

جارێکیان کابرایەك کە بە(زاڵە) ناسراوە تەڵاق دەخوات لە ژنەکەی لەسەر دوو تڕ و نیو. ئەم تەڵاقە قۆڕە دەبەنە لای مەولەوی، ئەویش سەر دێنێ و سەر دەبات لە ئەنجامدا دەڵێ:

دوو تڕ ناکەوێ، نیو تڕ مەحاڵە

دوو تـڕ و نـیـوتـڕ وەگـۆڕی زاڵـە

***

دوای نیوەڕۆیەکی هاوین دەبێت، مەولەوی لە هەیوانەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانیدا لەسەر لاپاڵی داوەتەوە، سۆفییەکیش لە پشتیەوە خەوتووە. لەو کاتەدا شێخ ڕەزای تاڵەبانی دێت و کە بەو شێوە مەولەوی دەبینێ ئەم بەیتە شیعرە دەڵێ:

خاس لێی خەوتوویی فرە بێ خۆفی

یـەکـێ لـێنـەدەی بـەڕیشی سۆفـی

مەولەویش خێرا لای لێ دەکاتەوە و دەڵێ:

ئـەنـدازەم گـرتـووە ڕەحـیـمت مـرێ

ئـەگـەر لـێشی دەم چـەنـەی تـۆ ئـەگـرێ

(ڕەحیم) ناوی ڕاستەقینەی مەولەوییە.

٢

ماوەیەك پێش ئێستە لە ڕێگەی برای بەڕێزمەوە كاك سەید موحسینی تاوگۆزی -نەوەی مەلەوی-یەوە دیوانە دەستنووسەكەی مەولەویم بەختی خوایار سەید تاهیری هاشمی دەست كەوت كە بەشێوەیەكی جوان و ڕێكوپێك نووسیویەتیەوە.

ئەم دەستنووسە ئەوە هەڵدەگرێ لەگەڵ دیوانە چاپكراوەكەی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمدا بەراورد بكرێ، چونكە وادەزانم -ئەم- باشتر نووسراوەتەوە و هەروەكو نووسەرەوە ئاماژەی پێ كردووە لە ڕووی سێ نوسخەی نایاب و باوەڕپێكراو نووسیویەتیەوە كە دەتوانین بڵێین نوسخەیەكی گەلێ خاوێن و بێ كەموكوڕییە. شایانی باسە هەندێ شیعر لەم نوسخەیەدا هەن كە لە دیوانە چاپكراوەكەدا نین، ئەگەرچی سەید تاهیری بەهەشتی لەسەری نووسیون (مشكوك) بەڵام زۆریان لە شێواز و سەبكی مەولەوییەوە نزیكن، منیش لە ڕێگەی خۆمەوە ئەم سێ پارچە شیعرە و ئەو تاك بەیتەم جارێ لێ هەڵبژاردووە و لەم كتێبەدا دەیكەمە دیاری، بەڵام لەسەر ئەو هەندەكەی دیكەی ڕادەوەستم تا بەتەواوی ساغیان دەكەمەوە و ئەو كاتە لە دەرفەتێكی تردا هەوڵ دەدەین چاوی خوێنەری پێ ڕۆشن بكەینەوە. لە ڕاستیدا هۆی ساغكرنەوەكەش زیاتر ئەوەیە كە:

١- وەکو وتمان جەنابی سەید تاهیر لەسەری نووسیون (مشکوك) ئەوەش گومان و دڵەڕاوکەیەکی لا دروست کردم و بەپێویستم زانی لەسەریان ڕاوەستم.

٢- نوسخەکە چونکە کۆپی لەبەر گیراوە هەندێکی کەم وشەی تێدایە بەڕوونی دەرنەچوون، لەبەرئەوە دەبێ هەوڵ بدەین نوسخە دەستنووسەکە خۆیمان دەست بکەوێ.

پارچەی یەکەم

ئەڵماسی ناوك مەودای حەجەر سم
تا پەڕ نەڕیشەی جەرگم بیەن گم(١)
نەجای پەیکانان زەهرالووی فەرەنگ
تك تك متکیۆ زوخاو وەسەد رەنگ(٢)
حەکیم مەوینۆ سەرسام ممانۆ
(لاحول) نەرووی زام سەختم موانۆ(٣)
ماچان زەدەی دەس پەری سەراوەن
زەخمی خەدەنگەن وە مەرگ نەزاوەن(٤)
سەرنیام وەئێش من چەنی زامەت
کەفتەن ئەو دیوان سارای قیامەت(٥)

(١) ناوك: تیر. مەودا: نووکی تیغ، تیژیی. حەجەر: بەرد. بیەن: بووە. گم: ون ، بزر.

(٢) نەجای: لەجێ. پەیکانان: تیرەکان، سەرنێزەکان. زەهرالوو: ژاراوی. میتکۆ: دەتکێ.

(٣) حەکیم: پزیشك. مەوینۆ: دەبینێ. ممانۆ: دەمێنێ. (لاحول): لاحول ولا قوة الا باللە. موانۆ: دەخوێنێ.

(٤) ماچان: دەڵێن. زەدەی: پێکراوی. خەدەنگ: تیری درێژ. نەزاوەن: نزیکە.

(٥) سەرنیام: سەرم نا. چەنی: لەگەڵ. زامەت: زەحمەت. کەفتەن: کەوتە. قیامەت: ڕۆژی دوایی.

## پارچەی دووەم

رام گنا ناکام وەناکام وەناکام وارێ
چەنی چنی خار چەنی خارخارێ[1]
تەن ببەن گرفت بەندی بالاّی تۆ
بمرۆ یا بژیۆ چێشەن سەلاّی تۆ؟[2]
ئیبتیدا مەعرووز پەی نەزەر وەخەو
ئەروینۆ کەردەی دەردی سەختی ئەو[3]
ئەرسەد جارێ بۆ نەونەمام نە دەشت
ئەر سەد جارێ بۆ نەونەمام نەودەشت
فەرقێ نمەبۆ پەی لوای بەهەشت[4]
تەمای دەوایێ جەدەستت پێتەن
هەنی تۆ زانی وەدەستی وێتەن[5]

(١) رام گنا: رێم کەوتە. ناکام: ناکاو. ناکام وار: کەسێکی شێوە بەئاوات نەگەشتوو. چەنی: لەگەڵ. چنی: دەرزی. • خارخار: ئاڵۆشاوی، یا کەسێ کە دڵەڕاوکەی هەبێت.
(٢) بیەن: بووە. گرفت: گیراو. بمرۆ: بمرێ. بژیۆ: بژی. چێشەن: چیە. سەلاّی تۆ: فەرمان یا بەرژەوەندی تۆ.
(٣) ئیبتدا: سەرەتا. مەعرووز: عەرزکراو. پەی نەزەر: بۆ سەیرکردن. وینۆ: ببینێ.
(٤) بۆ: بێت. نەو: لەو. فەرقێ نمەبۆ: جیاوازییەکی نابێ. پەی: بۆ. لوای: ڕۆشتنی.
(٥) پێتەن: پێتە. هەنی: ئیتر. زانی: دەزانی. وێتەن: خۆتە.

## پارچەی سێیەم

سیمی قەڵبی قەڵب جۆشی کوورەی حاڵ
نەبۆتەی پاکتاو ئیخلاس کەردەن قاڵ(١)
وستەن نەقاڵب سەبیکەی عیرفان
وەزاخاو ماڵان ژەنگەکەی خوزلان(٢)
قامەتم قایم وەئەعزای فەیزەن
دڵ پڕ مۆبەتەی هاڵیی جەغەیزەن(٣)
هەر جزوێ پەی دێم مەستی لیقایەن
هەریۆ ئامادەی رەزای قەزایەن(٤)
خەرقەی تەن حیجاب مەجلیسی یارەن
وجوود نەدیدەی بەسیرەت تارەن(٥)
گریەی ناری وەجد نەدەروون خێزان
بڵێسەی کوورەی ئیبراهیم بێزان(٦)

---

(١) سیم: زیو. قەلب: دڵ. بۆتە: کاسەیەکە زێڕی تێدا دەتوێننەوە. پاکتاو: بێ گەرد، خاوێن. ئیخلاس: دڵسۆزیی. کەردەن: کردوویانە.

(٢) وستەن: خستوویەتی. سەبیکە: زێڕی تواوە. ماڵان: ماڵیویەتی. خوزلان: بێبەش لە کۆمەك.

(٣) قامەتم: بالام. ئەعزا: ئەندامەکان. فەیز: لێشاو، زۆر و زەبەن. مۆبەتەن: خۆشەویستییە . هاڵیی: خاڵیی. جە: لە. غەیز: ڕق و کینە.

(٤) جزو: بەش. پەی وێم: بۆ خۆم. لیقا: بەیەکگەشتن. هەریۆ: هەر یەکێ. قەزا: قەزا و قەدەر.

(٥) حیجاب: پەردە. مەجلیس: کۆڕ. وجوود: بوون. دیدەی بەسیرەت: چاوی بینین. تارەن: تاریکە.

(٦) وەجد: خۆشی، حاڵەتێکی سۆفییانەیە. خێزان: هەڵسا. بێزان: بێزراند.

لوولەی پێشەی وشك نیم سوختە داخان
مەگرێو چوون شەم شەوان چراخان[٧]
وەنەم مەعلوومەن وادەی فەنامەن
ساقی ئیلتیجام وەشیشە و جامەن[٨]
پەیمانەی جەومەی وەسەنگ دەرۆ رووح
نەتاریکەی کوفر مبەخشۆ فتووح[٩]
پێم دەرتا بەهجەت وەحشەت لادەرۆ
حوسنی خاتەمم ئارایش کەرۆ[١٠]

تاك بەیت

زرنگەی سەر پارچەی بەرمووروو چناخ
دڵ سفتەن پەڕەی جەرگم کەردەن داخ.

(بەرموور) و (چناخ) خشڵی ژنانەن. سفتەن: سووتاوە. کەردەن: کردووە.

---

(٧) پێشە: ئێسقان. نیم سوختە: نیوە سووتاو. مەگرێو: دەگرێ.

(٨) وەنەم: لێم. وادەی فەنامەن: کاتی لەناوچوونمە. ئیلتیجام: پەنام. شیشە: شووشە.

(٩) پەیمانەی: پەرداخێ. جەو: لەو. وەسەنگ دەرۆ ڕووح: ڕۆح بەبەرد بدات. . مبەخشۆ: ببەخشێ. فتووح: سەرکەوتن.

(١٠) پێم دەر: بمدەیە. بەهجەت: شادمانی. وەحشەت لادەرۆ: ترس لاببات. حوسنی خاتەمم: دوا وشەی جوانم. کەرۆ: بکات.

پێرست


تەوارودی خەواتر لە نێوان مەلای جزیری و مەولەویدا ........ ٩
مەولەوی و تەقینەوەی زمان ........ ٢٧
مەولەوی و ئاوڕدانەوە لە کەلەپوور ........ ٤٩
مەولەوی و پیاچوونەوەیەکی وتارەکەی کاك محەمەدی مەلا کەریم ........ ٦٩
مەولەوی شاعیری وێنەی جوان ........ ٧٥
واتای ڕاستەقینەی هەندێ وشە لە دیوانی مەولەویدا ........ ٩٥
چەند نامەیەکی مەولەوی بەعەرەبی ........ ١٣٥
پاشکۆ ........ ١٤٥




MAWLAWI.KRD

MAWLAWI.KRD

چاپخانەی دەزگای
ئاراس
هەولێر - کوردستان
Aras Press
Kurdistan - Erbil